چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

کتاب : بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر: عبدولرەحمان عالم

پاشماوەی نوێ سازی سیاسی

(ئێدوارد شیلز)، پێنج نمونەی نوێ سازی رژێمە سیاسییەکانی بەم جۆرە باس کردووە:

١ ـ دیموکراسی سیاسی: زۆربەی وڵاتانی تازە سەربەخۆ هەوڵ دەدەن کە دیموکراسی سیاسی بهێننە کایەوەو پێکهاتەی سیاسی خۆیان بەشێوەی دیموکراسیانەدا دامەزرێنن. بەڵام بەهۆی تایبەتمەندییەکانەوە، ناچارن نمونە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ بارودۆخی وڵاتەکاندا بگونجێنن. جێگیربوونی سیاسی، ڕەوایی، دادی سەربەخۆ، ئازادیە سیاسییەکان، سیستەمی هەڵبژاردن، ڕێزلێنانی نەیارە ناوخۆییەکان، باشتربوونی پەرلەمانی، کۆنترۆلی دەسەڵاتی سیاسیو بڕێتر لەتایبەتمەندییەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە تایبەت بەخۆیانە، وەکو هندستان.

٢ ـ دیموکراسی (قیمومتی) (خۆبەسەر پەرستی خەڵك زانین)، دیموکراسی (قیمومتی) هەمان دیموکراسی ڕێنمایی کراوە. لەم جۆرە دیموکراسییەدا، هەموو دامەزراوە دیموکراسییە سیاسییەکان هەن، بەڵام دەرگای جێبەجێ کردن بەهۆی دەست بەسەربوونەوە لەلایەن کەسانی نفوز دار، دەسەڵاتدارترە. حزبە نەیارەکان چاپەمەنیەکانو ڕای گشتی ئازادی (سنوور داریان) هەیە. نوخبە سیاسییەکان پایەدارترو دەسەڵاتدارترن، وەکو (ئەندەنۆزیا)ی سەردەمی (سۆکارنۆ).

٣ ـ (ئۆلیگارشی) لایەنگری نوێ سازی: ئەم شێوە رژێمە سیاسییە گروپێکی بچووکی فەرمانڕەوا تاوتوێ کردنی ژیانی سیاسیو سەقامگیری ئاشتیو سامان دەخاتە ئەستۆی خۆی، هاندەرو پاڵنەری گروپی فەرمانڕەوا، ئایدۆلۆژیای نوێ خوازیو ئارەزووەکانی بردنی وڵات بەرەو نوێ سازیە. پەرەلەمانیش گەر هەبێت، تەنیا ڕۆلی ڕاوێژکاری دەبینێ. کارگوزارو دەزگا شاراوەکان دەسەڵاتدارنو هێزی داد سەربەخۆیی خۆی لەدەست داوە، حزبە نەیارەکان بەدژی گەلو نیشتیمان دەناسێنن. لەم جۆرە رژێمە سیاسییە، یان (ئۆلیگاری) چەکداری دەسڵاتی سیاسی بە چنگ دێنێ یان یەك حزبی سیاسی بە ڕاگەیاندنی نایاسایی بوونی حزبەکانی تردەسەڵاتی سیاسی دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە دەتوانرێ عێراقی سەردەمی رژێمی حزبی بەعس لەتاقمی ئەو بڕە وڵاتانە دابنرێ.

٤ ـ ئۆلیگارشی تۆتالیتر: لەراستیدا ئۆلیگارشی توتالیتر. ((دەوڵەتی پۆلیس))ە کە لەشێوازی زۆرەملێ ئەوپەڕی کەلك وەردەگرێ تا ئاسایشو ئۆقرەیی بپارێزی. لەوجۆرە رژێمە سیاسی یە، ڕای گشتی کارایی نییە. خەڵك تەنیا لەمافێ بەهرەمەندن کە چینی فەرمانڕەوا پێیانی داوە. ئەڵمانیای نازی، ئیتاڵیای فاشیستو یابانی میلیتاریست لەتاقمی ئەم دەوڵەتانەبوون. هیچ یەکێ لەدەوڵەتە تازە سەربەخۆکان ئەم نمونەیان پەسەند نەکردووە.

٥ـ ئۆلیگارشی سوننەتی: ئەم جۆرە کۆمەڵگە مەدەنیە لەسەربنەمای بنەماڵە دامەزراوەو حکومەت شێوازی پاشایەتی هەیە. پاشا ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لەڕاوێژکاران بۆ یارمەتیدان، ڕاوێژکردن،و ڕێنوێنی لەکارەکانی حکومەت دروست دەکات. وە هاوڵاتگەلێك لەلایەن سیاسییەوە دواکەوتووە، وەك عەرەبستانی سعودی، نیپاڵ.

ئەمڕۆکە نوێ سازی سیاسی لەئاسیا، ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بەشێوەی یەك ڕاستی دەبینرێ. لەم کیشوەرانە، لەکاتێکدا رژێمی کۆن دەڕوخێ‌و لەبەین دەچێ، هەمیشە سیستەمی نوێ بەپێی نمونەی ڕۆژئاوایی جێگای ناگرێتەوە. لە وڵاتانی ئەم کیشوەرەدا رژێمی سیاسی ڕووبەرووی کێشەی سیاسیو ئابوری فراوان دەبێتەوەو خەڵك لەگەندەڵی ناوخۆیی، گرفتە ئابوریەکانو توندوتیژی جەزرەو ئازار دەبینن.

٦ـ کەلتوری سیاسی:زاراوەی کەلتوری سیاسی بۆ یەکەمین جار لەزانستی سیاسەتدا (گابریل ئەلمۆند) (GA.Almond) بەکاری هێناوە. (ساموئێل بوراندر) (Samuel Burandr) و ئادام ئۆلام (Adam Ulam)ش پێشینەی بەکارهێنانی ئەم واژەیان هەیە.

(ئەلموند) کەلتوری سیاسی بە "نمونەی هەڵوێستو لاگیریەکانی تاك سەبارەت بەسیاسەت لەنێو ئەندامانی یەك رژێم" پێناسە دەکات. بە بڕوای (باڵ) "کەلتوری سیاسی تێکەڵەی هەڵوێست، باوەڕ، سۆزو هەستو بەهاکانی کۆمەڵگە کە بەندە بە رژێمی سیاسی مەسەلە سیاسییەکانەوەیە". (سیدنی وربا) لەسەر ئەم باوەڕەیە کە "کەلتوری سیاسی لەسیستەمی باوەڕی ئەزموون کراو، پێکهاتە مانا دارەکانو بەها گەلێك کە پیشاندەری چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەوە سیاسییانن پێکهاتووە". (بێبروئۆلام) لەو باوەڕەدان کە "لایەنکەلێکی تایبەتی کەلتوری گشتی کۆمەڵگەیە بەشێوەی تایبەتو چۆنیەتی بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ کارەکانی حکەمەتو ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی ئەم بەشە لەکەلتور دەتوانرێ بە کەلتوری سیاسی ناو بنرێت". (لوسین پای) دەڵێ کە کەلتوری سیاسی "کۆی هەڵوێست، باوەڕو هەستەکانە کە بە ڕەوتی سیاسی ڕێکوپێکیو واتا دەبەخشێو گریمانو دەستوورەکانی دیاریکردنی فەرمانڕەوایی لەسەر ڕەوشتی رژێمی سیاسی دەست نیشان دەکات". بەباوەڕی (ئریك روو) (Eric rowe) "کەلتوری سیاسی نمونەی بەهاکان، باوەڕەکان،و هەستەکانی تاکە". (رای مکریدس) (Rau macridis) کەلتوری سیاسی بە "ئامانجە هاوبەشەکانو ڕێسای پەسەندکراوی گشتی" دەزانێ. (تالکۆت پارسونز) لەو باوەڕدایە کە "کەلتوری سیاسی پەیوەندی بەئاراستەو سەمتکیری سەبارەت بە ئامانجە سیاسییەکانەوە هەیە". (ڕۆس) (Ross) باوەڕدارە کە "کەلتوری سیاسی یەك وڵات لەهەڵوێستە جیاکەرەوەکانی کۆمەڵی ئەو وڵاتە سەبارەت بە تایبەتمەندییە کەلێنەکانی رژێمی سیاسی ـ کۆمەڵانی کە لەچوارچێوەی سنوورەکانی هەیتی، سروشتی رژێم، دەبێو نابێیەکانی حکومەتو ڕۆڵی بەشداریکردنەکانی تاکو داروەدستەی حکومەت دروست دەبێ".

شیکردنەوەی ئەم پێناسانە لەکەلتوری سیاسی، ئەم ئاکامەی لێدەکەوێتەوە کە کەلتوری سیاسی

وەرگێڕ: ئەمیری حاجی موحەمەد

بەشی هەفتەم

چەندبەشی دیاریکراوی هەیە لە مەیدانی کۆمەڵناسی شوێنی بەرجەستەی هەیە. ئەم بەشانە بریتین لە: بەهاکان، باوەڕەکان، و هەڵوێستە هەستیارەکانی خەڵك سەبارەت بە رژێمی سیاسی خۆیان. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست دەبێ بڵێین کە بەسیاسەتەکان، بۆ نمونە، بەمانای بەرپاکردنی هەڵبژاردنی بازنەیی‌و بەشێوەی بێ لایەن، دەست لەکارکێشانەوەی وەزیر لەکاتێك کە متمانەی خەڵك‌و نوێنەرەکانی ئەنجومەنی یاسا داڕشتن لەدەست دەدات،و شتگەلێتر لەچەشنی ئەوانە. باوەڕە سیاسییەکان مافی کەسانی پێگەیشتوو (بالغ)ی وڵات بۆ بەشداریکردن لەکارە سیاسییەکان دەگرێتەخۆ. هەڵوێستە هەستیارەکان، بۆ نمونە لەوڵاتی بەریتانیا سەدان کەس بۆ نوێکردنەوەی دەستوور هەوڵیان داوە، کارگەلێك وەك:

١ ـ ڕەفتاری بە ئەدەبانەی سەرۆکی ئەنجومەن.

٢ ـ شێوەی دەنگی شیاو لەقسەکردن باس‌و گفتوگۆ.

٣ ـ هاوئاهەنگی لەشێوەی ڕەفتارو قسەکردن لەگەڵ پەیڕەوی پەرلەماندا.

A ـ دەستەبەندی کەلتوری سیاسی

دوا بەدوای کورتە ئاشناییەك لەمانای کەلتوری سیاسی دەبێ لەجۆرەکانی کەلتوری سیاسیش بە ئاگابینەوە.

کەلتوری سیاسی لەلایەن (ئالموندوپاول)ەوە بە سێ ڕێگا دەستەبەندیان کردووە:

١ ـ کەلتوری سیاسی سنووردار. ٢ ـ کەلتوری سیاسی پەیرەوان (تبعە).٣ ـ کەلتوری سیاسی بەشداریکردن.

١ـ کەلتوری سیاسی سنووردار بەندە بەکەسانیکەوە کە لەرژێمی سیاسیخۆیان ئەوەندە ئاگاییان نیە، یان هەرهیچ بە ئاگانین. ئەم جۆرە کەسانە دەتوانرێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا ببینرێ، بەڵام ژمارەیان لە کۆمەڵگە سوننەتی و دوا کەوتووەکاندا زۆرترە. بەباوەڕی (ئالمۆندو وربا) "کەلتوری سیاسی سنوردار توانای پێوانەو بەراوردکردنی گۆڕانکاریگەلێك کە رژێمی سیاسی دەستی پێکردەونییە. کەسانی خاوەن کەلتوری سیاسی سنوردار توشی فکر بەستووی بوون، هیچ چاوەڕوانیەکیان لە رژێمی سیاسی نییە". پێکهاتە سیاسیەکانی رژێمە تیرەیی و پاشاییەکانی ئەفەریقا بە شێوەیەکی گشتی لەم جۆرانەن.

٢ـ کەلتوری سیاسی پەیرەوان (تبعە)، هاوڵاتیانێ کە لەڕۆلەجۆراوجۆرەکانی میری، وەك باج وەرگرتن و یاسادان شارەزایان هەیە، پێیان دەڵێن پەیرەوان. ئاوەها کەسانێ لە ڕێی نفوزکردن لەسەر رژێمی سیاسی لەوانەیە شارەزایی تایبەتیان نەبێ یان ژێرخانەکانی کۆمەڵگە نەناسن و وەك پێشنیارگەری خواست و ئارەزووەکان هیچ بایەخێك بۆ خۆیان دانەنێن. ئەم کەسانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕوودەکەنە بەر پرسە ناوچەییەکان یان سەرۆکی خانەوادە و بەهەزریاندا نایەت کە دەبێ هەر خودی خۆیان ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکەن.

٣ـ کەلتوری سیاسی بەشداری کردن، کەلە کۆمەڵگاکانی زۆر پێشکەوتوودا هەیە و لەوێدا خەڵك لەژیانی سیاسیدا بەشداری دەکەن. بەشداربووانی سیاسیکەسانێك کە لەپێکهاتە و ڕەوتی رژێمی سیاسی و خواستەکان و رژێمی سیاسی خۆیان ئاگادارن و لەکاری بڕیاردانداد دەستێ وەردانیان هەیە. بەشداربووانی سیاسی هەڵوێستی تایبەت سەبارەت بەپێکهاتە سیاسیەکان وەك حزبەکان و گروپە خاوەن نفوزەکان و ڕۆڵیان لەم پێکهاتانە وەردەگرن.

کەلتوری سیاسی ئاوێنە.(ئەلموند و پاول) کەسێ جۆر کەلتوری سیاسیان دیارکردوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێن کە کە سانی کەلتوری سیاسی سنووردار و بەپەیڕەوانیش دەتوانرێ لە کەلتوری سیاسی بەشداریکردندا ببینرێن و لەوانەشە یەك کەس هەر سێ لایەنەکە لەخۆیدا پێك بێنێ. لەم پێکهاتنە سێ جۆر کەلتوری سیاسی ئاوێنە بەدەردەکەوێ:

١ـ کەلتوری سیاسی سنووردار ـ پەیرەوان.

٢ـ کەلتوری سیاسی پەیرەوان ـ بەشداریکردن.

٣ـ کەلتوری سیاسی بەشداریکردن ـ سنووردار.

(ڕۆزنبان) (Rosenbaun) یش باوەڕی وایە کە " دژوار لە کۆمەڵگە نوێکاندا کەلتوری سیاسی یەك دەس ببینرێ، لەباتی ئەو پێکهاتەیەك لە سەمتیگیریە جیاوازەکان پەیدا دەبێ، بەجۆرێ کە کەلتوری سیاسی ڕاستەقینە دەبێتە ئاوێتەیەك لە ڕەگەزە جیاوازەکان". هەروەهاش لەو باوەڕەدایە کە سەرەڕای ئەو کەلتوری سیاسی سێ جۆرە، کەلتورە سیاسیەکانیتریش دیسان هەن.

١ـ کەلتوری سیاسی مەدەنی. کەلتوری سیاسی مەدەنی لەکۆمەڵگەیەکدا دەبینرێ کە تواناو دەسەڵاتی بڕیاردان لەدەست نوخبەی تایبەتەو خەڵك بەشێوەی ڕاستەوخۆ لێی بەشدارنین، بەڵکو هەستو حەزەکانی خۆیان بەهۆی نوێنەرەکانیانەوە کە لەڕاستیدا خواستەکانی خەڵك بەدیناهێنن، بەیان دەکەم. وەها کەلتورێ لەکۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا هەیە.

٢ ـ کەلتوری سیاسی عەلمانی (غەیری ئایینی). ئەم جۆرە کەلتورە لەکۆمەڵگەیەکدا هەیە کە خەڵکەکەی گوێ بەئایین نادەن، بەهۆشیارو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە هەڵسوکەوت دەکەن. بەباوەڕی (ئالموندو پاول)، کەلتوری عەلمانی یان (غەیرە ئایینی)، کەلتورێکە کە سەمتگیری سوننەتیو هەڵوێستەکان ڕۆڵی پایەداری بڕیاردان سەبارەت بەکۆکردنەوەی زانیارییەکان، هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان، دیاریکردنی جێنشین یان لەباتی، هەڵبژاردنیو دۆزینەوەی ڕێباز لەنێو ڕێگا ئیحتیمالیەکاندا ئەو ئامرازو کەرەستانەی کە کەسێ دەتوانێ بە هۆیەوە بزانێ کە ئەم ڕێگایە دەرئەنجامی چاکە یان خراپە، دەبینن.

٣ ـ کەلتوری سیاسی ئایدۆلۆژیکی. ئەم جۆرە کەلتورە لەوڵاتگەلێکدا هەیە کە ئایدۆلۆژیکی تایبەت تێیدا هاندەدەرێو خەڵکیش ناچاری پەیڕەوی لێکردنی نییەن. لەسەرانسەری یەکێتی سۆڤیەتی جاران‌و چین کەلتوری سیاسی ئایدۆلۆژیکی هەیە.

٤ـ کەلتوری سیاسی هاوچەشن ئەم جۆرە کەلتورە لەکۆمەڵگەیەکدا هەیە کە خەڵك تیایدا سەبارەت بەئامانجو ئامرازەکانی دەست گەیشتن پێی بۆچوونی کەسانیان هەیە. رابەرانی حزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیش ئایدۆلۆژی یەکسانیان هەیە: وەك بەریتانیاو ئەمریکا.

٥ـ کەلتوری سیاسی چەند بەشی. ئەم کەلتورە لەوڵاتێکدا هەیە کە خەڵکەکەی دەربارەی ئامانجە سیاسییەکانو ئامرازەکانی دەست پێگەیشتنیان بۆچوونی یەکسانیان نییە.

بەشێوەی گشتی ئەم کەلتورە سیاسییە لەوڵاتگەلێك هەیە کە سیستەمی چەن حزبی تێدایە. فەرەنساو ئیتالیا نمونەگەلێکی ئەم جۆرە کەلتورەن.

لەژمارەی داهاتوودا باس لەگرنگی (کەلتوری سیاسی) دەکەین.

ماویەتی

سەری ساڵ‌و خەونی منداڵ‌و گرێ یە نەکراوەکان!!

شێروان بێلەڵ

خۆشەویستم
هەنگاوەکان پێچەوانەن
وا هەر بەرەو دواوە دەڕۆن
سێبەرەکان
لێمان یاخین
لەگەڵمانا سەفەر ناکەن
ئەستێرەکان
قەتیس ماوون
لەناو زوخمی شەوا وێڵن
باڵندەکان
بە گالیسکی بابا نۆیڵ
دەمان گێڕن
سەری ساڵە
دارەکان گشت ڕازاوەنە
پەیکەری بەفری داتاشراو
خەڵکی شادن
لەسەر بەفرا سەما دەکەن
منداڵەکان
بۆ(توباگەنینگ*) وا ڕادەکەن
سەری ساڵە

منالەکان ڕازاوەنە
یاری شەڕە بەفر دەکەن
پەیکەری جوان
لەگەڵ ڕەنگی ڕووناکیا
تێکەڵاوە
هەوری زیوین
لەئاسمانا قەتیس ماوە
دونیا بەفرەو
هەمووی سپی هەڵگەڕاوە
سنۆبەرە
جوانەکانیش
سەرو قژیان پڕ لەبەفرە
منداڵەکان
ئەمشەو نانوون چاوەڕێنە
بابا نۆیل
بە گالیسکی دێتە خوارێ

دەچێتە سەردانی گشت ماڵێ
چووکەڵات‌و
نووقڵی پێیە دەیان داتێ
ئاخ منداڵی
کوردستانم
ئاخ منداڵی ناو زیندانم
ئەی کوا
جەژنی ئێوە لەکوێیە؟!
بۆ سەری ساڵ
چیتان پێیە
ئێوە بێ بەشن لەشادی
ئێوە دوورن لەئازادی
گەر بتوانم
گالیسکەکەی
بابا نۆیل دەفڕێنم
بەفری زستان

لەلای ئێوە دەبارێنم
ئێوە لای من بەستەزمانن
نێچیری دەست دزەکانن
یاخی نەبن
بڕیارمدا
چووکەڵاتتان لەبۆ بێنم
کە چاوی برسیتان دەبێنم
من پێمخۆشە
دەستی دزو جەلادەکان
بسووتێنم
ئەی منداڵە ناسکەکان
ببورن لێم
کە تووند ڕەوون شیعرەکانم
من قوربانی خاکی ژێر پێی
منداڵێکی
کوردستانم
*توباگەنینگ یاری خشخشۆکەی
سەر بەفر